# CES ساڵانە پیشانگای ئەلکترۆنیی

هەموو ساڵێك لە مانگی یەکی ساڵی نوێدا، پیشانگایەکی مەزنی نوێترین ئامێرەکانی ئەلکترۆنی و دیجیتالی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە شاری لاس ڤیگاس بەڕێوە دەچێت، ئەم ساڵیش پیشانگاکە لە 7ی مانگ هەتا 10 مانگ بەڕێوەچوو، بۆ یەکەم جار و یەکەم پیشانگای ساڵانەی کەلوپەلی ئەلکترۆنی CES لە ساڵی 1967 لە شاری نیویۆرك بەڕێوەچوو، کە تەنیا 14 کۆمپانیا بەشداریان تێدا کردبوو. بەڵام لە پیشانگای ساڵانەی CESی 2014 دا 150 هەزار کەس ئامادەی کردنەوەی پیشانگاکە بوون کە 3200 هەزارکەسیان ئەندامی کۆمپانیاکانی بەشداربوو بوون. زیاتر لە 150 وڵات لەم پیشانگایەدا بەشدار بوون و 20 هەزار بەرهەمی نوێی ئامێری دیجیتاڵی و ئەلکترۆنی نیشاندرا.

ئەمساڵ نوێترین تەلەڤزیۆن کە بە تەلەڤزیۆنی 4K ناسراون نیشاندران هەروەها ئەو تەلەڤزیۆنە سێ ڕەهەندییانەی کە بۆ سەیرکردن پێویستیان بە چاویلکە نییە، جگە لە تەکنەلۆژیای نوێی پرینتەری سێ ڕەهەندی، نوێترین کاتژمێری هۆشمەند و چاویلکەی دیجیتالی سمارت، مۆبایلی سەرنجڕاکێش..تاد. ئەو بەرهەمانەی نیشان دەدرێن زۆریان ناکەونە بازاڕ و تەنیا بۆ نیشاندانن، بۆ ئەوەی کە بزانرێت ئایا جیهان تا چ ڕادەیەك پێشوازی لەو تەکنەلۆژییە نوێیانە دەکات.
لێرەدا وەك فایلی ئایتی گوڵان هەر جارە و بەپێی پێویست نوێترین ئەو بەرهەمانەی کە لە پیشانگای ساڵانەی CES2014دا نیشاندران، دەخەینە ڕوو و بە کورتی باسی دەکەین.

## پرینتەرێکی بچووک و توانایەکی زۆر



پرینتەری بچووك و پورتێبڵی Pocket photo2 جۆری (PD239)پرینتەرێکی گونجاوە بۆ هاوبەشی کردنی وێنە. ئەم پرینتەرە کە بەرهەمی کۆمپانیای ئێل جێیە، بەهۆی سیستەمی وایەرلەیسی NFC و بلوتوسەوە ئەو هەلە بۆ بەکارهێنەرانی دەڕەخسێنێ کە وێنەکانی سەر مۆبایل و تەبلێتەکان بە ئاسانی بخاتە سەر کاغەز و لەگەڵ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و IOS دەگونجێت. بۆ گەشت و سەفەر گونجاوە. هەروەها پرۆگرامێك کە لە پرینتەرەکەدا هەیە دەکرێت وێنەکەت دەیان ئێفێکتی جۆراوجۆری بۆ دابنێی، وەك ئەوەی وێنەکەت بخەیە ناو چوارچێوەی جوان یان دیمەنی دارودرەخت و گوڵ و گوڵزار لەگەڵ وێنەکەت دابنێی. لەم پرینتەرەدا پێویست بە هیچ جۆرە مەرەکەبێك یان تونەرێك ناکات، چونکە لە تەکنەلۆژیای ZINK سوود وەردەگرێت و ئەم تەکنەلۆژیا لە گەرمادا بۆ ئەکتیف کردنی ڕەنگەکان کە کاغەزی تایبەت بەخۆی هەیە سوود وەردەگرێت، ئەم تەکنەلۆژییە وێنەکان زۆر باشتر رادەگیرێت و پەڵەی کەمتر دەخاتە سەر وێنە. پرینتەرەکە لە هەر شەحنکردنەوەیەکدا دەتوانێت 30 وێنە چاپ بکات.

## سوپەر کەیسێکی ماژۆلاری سەرنجڕاکێش



کۆمپانیای razer وەك یەکێك لە ناسراوترین کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی هێدست، ماوس و کیبۆرد ناسراوە، کۆمپانیای ناوبراو لەم دواییەدا کەیسێکی کۆمپیوتەری بەرهەمهێناوە کە بە کەیسی Razer Christine ناسراوە. کەیسەکە لە لە ڕەنگەکانی خۆڵەمێشی و سەوز پێکهاتووە کە جوانییەکی تایبەتی بە کەیسەکە بەخشیوە. دانانی تیشك و ڕووناکی لە بەشی سەوزی کەیسەکەدا جوانییەکی زۆری بە کەیسەکە بەخشیوە. دیزاینی کەیسەکە بە شێوەی Full modularە کە بۆ هەرکام لە بەشەکانی کەیس بەشێکی جیای کردۆتەوە. بەکارهێنەران دەتوانن بە ویستی خۆیان شوێنی پارچەکان لە کەیسەکەدا بگۆڕن. لەم کەیسەدا شوێنی پێویست بۆ دانانی هاردیسك و SSD بە جیا هەیە. تاکو سەرەڕای زیادکردنی شوێنی خەزنکردن خێرایی ڕاگواستنی داتاکانیش بەشێوەیەکی بەرچاو بچێتە سەرێ. یەکێك لە جوانترین بەشەکانی کەیسەکە کۆنترۆل پەنەلی پێشەوەیە کە پەنەلێکی لەمسی LEDیە.






# سەرنجڕاکێشترین دیزاینی لاپتۆپ

کۆمپیوتەری لاپتۆپ تا رادەیەکی زۆر شوێن پێی کۆمپیوتەری سەرمێز واتە کۆمپیوتەری دیسکتۆپی لەق کردووە، هەرچەندە رکابەری نوێش بۆ لاپتۆپ وەك تەبلێت و ئولترابوك هەیە، بەڵام لاپتۆپ شوێنی خۆی لەدەست نەداوە، نوێترین و سەرنجڕاکێشترین لاپتۆپ ئەوەیە کە وێنەکەی لێرەدا دەبینن، لاپتۆپێکی لەمسی کە دەکرێت شاشەکە بۆ هەر چوارلا بسوڕێندرێت و لاپتۆپێك لە نێوان دیسکتۆپ و لاپتۆپدا.

لاپتۆپی جۆری Aspire R7ی کۆمپانیای ئەیسەر بەهۆی تایبەتمەندییەکی نویٚ کە بە Ezel ناسراوە دەکرێت شاشەکەی بۆ هەر لایەك بسوڕێنی. لەو لاپتۆپەدا بە ئاسانی دەکرێت تایپ بکەی. ئەو تایبەتمەندییە نوێیە وا دەکات بەکارهێنەر چۆن حەز بکا شاشەکەی وا دابنێت. بەجۆرێك کە بەشی خوارەوەی لاپتۆپەکە لێبکرێتەوە وەك کۆمپیوتەرێکی سەرمێزی لێبێت. یان دەکرێت شاشەکە بۆ پشتەوە بنووشێتەوەو ئیدی لاپتۆپەکە ببێتە تەبلێت. ئەم لاپتۆپە لە ویندۆز8 سوود وەردەگرێت و شاشەکەی زیاتر لە 15 ئینجە و کوالیتی نیشاندانەکەی فول ئێچ دییە. رامەکەی 6 گیگایە و هاردەکەی 500 گیگایە.

# بچووکترین ئامێری گەیم لە جیهاندا



گەمـــەی ئەلکترۆنی لە داهاتووی تەکنەلۆژیای نوێی جیهاندا پانتاییەکی گەورەی داگیرکردووە، هەربۆیە ســـاڵانە بە هەزاران گەمەی نوێ، ئامێری تایبەت بە گەمەکردن، ئامرازی لاوەکی بۆ گەمەی ئەلکترۆنـــی بەرهەم دێت، گەمەی ئەلکترۆنی بەو مەرجەی کە نەبێتە خوویەکی هەمیشـــەیی، زۆر لەگەمەی دیکە بە ســـوودترە، چونکە لە باری فیکرییەوە گەمەکەرەکە بەهێز دەکات و مەودای زیاتر بیرکردنەوەی پێ دەدات، گەمەی ئەلکترۆنی تەمەن ناناسێ و بۆ هەموو تەمەنێك دەگونجێت، هەروەها پێویســـتیش ناکات کە چەند کەســـێك پێکەوە گەمە ئەنجام بدەن، تەنیا گەمەکار و ئامێری ئەلکترۆنی تێیدا بەشـــدارن، یەکێك لە نوێترین ئامێرەکانی گەمەکردن کە زۆر بچووکە و بە ئامێری Game stick ناســـراوە لەم رۆژانە خرایە بازاڕەوە، ئامێری گەمەکردنەکە تەنیا لە دەسکێکی گەمە و ئامێرێکی دینگەڵی USB پێکهاتووە. شێوازی کارکردنەکەشی زۆر ئاسانە بەئاسانی ئامێرە USBیەکە بە تەلەڤزیۆنەوە پەیوەند دەدەی و بە دەسکەکەش گەمە دەکەی. لە دەسکی گەمەکەدا دوو دوگمەو لە سەرەوەش چوار دوگمە هەیە و جگە لەوەش سێ دوگمەی تایبەت بە کوژاندنەوەو هەڵکردن و راگرتنی یاری هەیە.

# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



خوێنەرێکـــی بەڕێز دەپرســـێت، چۆن دەتوانم بـــە خێرایی بە دە پەنجە تایـــپ بکەم و بێ ئەوەی کە ســـەیری کیبۆرد بکەم؟

خوێنەری بەڕێز ئەو پرســـیارە، پرســـیاری زۆرکەسی دیکەشە و ویست و ئاواتی ئەوانە کە دەیانەوێت بێ گرفت بەسەر تایبکردندا زاڵ بن. پرۆگرامگەلێکی زۆر هەن بۆ ئەوەی کە بتوانی بە خێرایی دە پەنجە بنووسی و جگە لەوەش سایتیش هەن کە ئەرکیان فێرکردن و راهێنان بـــە دە پەنجـــە تایبکردنە، بەڵام خوێنەری ئازیز، ئەوەی تۆ لەم بوارەدا ســـەرکەوتوو دەکات تەنیا راهێنان و خۆ ماندووکردنە، ئەویش دەبێت بەپێی شـــێوازی دروست فێربی، ئەگینا ئەگەر خۆشت ماندوو بکەی بە شـــێوازە هەڵەکەی فێربی هەر تووشی هەڵە دەبیت، بۆیە دەبێت سوود لە پرۆگرامەکانی فێرکاریی وەربگری و بەویستی ئەوان بکەی نەك بە ویستی خۆت. لە وشەی کورت و دوو پیتی و سێ پیتی را دەســـت پێبکە، نەك بتەوێ بابەتێك بنووســـی، تەنیا وشەی کورت (دار، تاو، نان...) دواتر بچۆ سەر وشەی چوار پیتی و دواتر پێنج پیتی.. سەرکەوتنت ئاواتمە.

# پرۆگرامێک بۆ تۆمارکردن



پرۆگرامگەلێکـــی زۆر هـــەن بۆ دەســـتکاری کردن و تۆمارکردنی دەنگ، ئـــەم پرۆگرامانە بۆ ئەوانەی کاری موزیك یان مۆنتاژی فیلم و گۆرانی دەکەن زۆر سوودمەندە، پرۆگرامی n-Track studio پرۆگرامێکی بەهێزە لە بواری تۆمارکردن و دەســـتکاری کردنی موزیـــك و دەنگدا. بە ئاسانی دەتوانن بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە کۆمپیوتەرەکەتان بکەن بە ســـتۆدیۆیەکی دەنگ. لـــە تایبەتمەندییەکانی ئەو پرۆگرامە ئەوانەن، تۆمارکردنی دەنگ، دەســـتکاری



# تۆمارکردنی سات به چاویلکەی کامێرادار

کۆمپانیـــای Liquid image لـــە ریزی ئـــەو کۆمپانیانـــە دادێت کە چالاکییەکانیان لە بواری ئامێری وەرزشیدا چڕکردۆتەوە، دوایین بەرهەمی کۆمپانیای ناوبراو کە لە پیشانگای ساڵانەی CES2014 دا نیشاندرا، چاویلکەیەك بوو کە کامێرای لەســـەر بوو، دەکرا لەژێر ئاو و لە دەرەوەی وێنە بگرێت، بۆ نموونە هەم وەرزشـــوانی مەلەوان دەکرێت وێنە بگرێت و هەم وەرزشوان پایسکلسوار و خلیسکێنی سەربەفر. چونکە کامێراکە لەسەر چاویلکەکـــە دانداوە و بەکارهێنەر هەر راســـت ئەو وێنەیە دەگرێت کە بـــە چاو دەیبینێ. لەم کامێرا چاویلکەیەدا سوود لە سیستەمی GLTE4یش وەرگیراوە کە بەهۆی ئەو سیستەمەوە راستەوخۆ بەکارهێنەر وێنەگیراوەکان بۆ ســـەر تۆڕی ئینتەرنێت دەنێرێت. جگە لەوەش سیستەمی وایەرلەیسی وای-فای و بلوتوسی هەیە. کامێراکە هەشت میگاپیکسلیە و دەتوانێت بە کوالیتی ئیچ دی وێنە بگرێت.

## بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی، سەرێک لەم سایتە بدەن





لە ژمارەی پێشوودا سایتێکمان ناساندبوو بۆ فێربوونی زمان، لەم ژمارەیەشدا زانیارییەکی کورتتان سەبارەت بە سایتی Busuu بۆ دەخەینەڕوو.

هـــەروەك پێشـــووتریش ئاماژەمان پێ کرد، لەم ســـەردەمەدا بۆ فێربوونی زمان قوتابخانـــە و فێرگە ئۆنلاینەکان، واتە ئەوانەی لەســـەر کۆمپیوتەر و مامۆســـتاکانی لە دوورەوە وانە دەڵێنەوە بە ســـوودە، زۆر سایت هەن کە ئەرکیان فێرکردنی زمانە، بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی. سایتی busuuیش یەکێکە لەم سایتانە. کە ئەمە ئەدرەسەکەیەتی (www.busuu.com).

وانەکانی ئەم ســـایتە بریتییە لە وشـــە و رســـتەی نوێ کە لە گەڵ قســـەکردن و راهێنان و نووســـین تێکەڵکراون و فێرکارانیش دەتوانن بە زمانی خۆیان بیڵێنەوە. خاڵی بەهێزی ئەم ســـایتە لەوەدایە کە شـــێوازێکی نوێی بۆ فێربوون داهێناوە ئەویش بریتییە لە خوێندنەوە، نووسین و گوێگرتن و قسەکردن. ئەم سایتە پرۆگرامێکی تایبەتی بە مۆبایلیش داناوە کە ئەو هەلە بۆ فێرکار دەڕەخســـێنێ کە چاوخشـــاندنێکی خێرای هەبێت بەسەر وانەی نوێ و یان وانەکانی پێشووی دووبارە بکاتەوە.

## و دەستکاری کردنی دەنگ



کردنی دەنگ بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵی، دانانی ئیفێکتی جۆراوجۆر لەســـەر دەنگ، چێکردنی ســـی دی دەنگ و دەیـــان تایبەتمەندیـــی دیکەش. هەروەهـــا بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانیت ئەو کاســـێتانەی کـــە دەنگەکانیان تێکچـــووە باش بکەیـــەوە، هەروەها ئەو کاســـێتانەی کە کوالیتی دەنگەکەیان بێ هێزە بەرێیەسەرێ. دەکرێت گشت جۆرێکی CD و DVD دەنگی پێ دروست بکرێت. لەگەڵ گشت سیستەمەکانی ویندۆزیشدا دەگونجێت.

## خێراترین کارتی SSD لە جیهاندا



کۆمپانیای Lacia یەکێکە لەو کۆمپانیانەی کە لە پیشانگای ســـاڵانەی CES ئەم ساڵدا بەشداری کرد، کۆمپانیای ناوبراو خێراترین زەینی SSD بەناوی LITTLE BIG DISK لەم پیشانگایەدا خستەڕوو. ئەم هاردەی کۆمپیوتەر دەرگای خێرایی تاندربولت 2ی هەیە کە هەتا ئێســـتا خێراترین سیســـتەمە. SSD زۆر زۆر لە هارددیســـکی ئاســـایی خێراییان لەسەرترە، بە جۆرێك دەکرێت لە یەك خولەکدا 1375 میگابایت داتا لەخۆیدا خەزن بکات. ئەم ژمارەیەش 7 جـــار خێراترە لە دەرگای USB3. بەکارهێنەری ئەم هاردە بەبێ وەســـتان دەتوانن ڤیدیۆکانی K4 یان فیلمە ســـێ رەهەندییە فول ئیچ دییەکان سەیر بکەن.